سەرۆکایەتی کۆمار داوا لە بەغدا و هەولێر دەکات هاوکار بن بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوت

سەرۆکایەتی کۆمار، ئەمڕۆ سێشەممە جەختی کردەوە کە دۆزینەوەی دەرچەیەک بۆ هەناردەکردنی نەوتی عێراق کارێکی گرنگە و بەرژەوەندی باڵای وڵات دەستەبەر دەکات.

سەرۆکایەتی کۆمار لە راگەیندراوێکدا کە دەستی ئاژانسی موتەڵیع کەوتووە، ڕایگەیاند: "لەو بارودۆخە هەستیارەی ئێستادا کە وڵاتەکەمان تێیدا تێپەڕ دەبێت، جەخت لە پابەندبوونمان بۆ یەکڕیزی نیشتمانی هەموو ڕۆڵەکانی گەلی عێراق دەکەینەوە، لەگەڵ پێویستی دوورکەوتنەوە لە ناکۆکییە لاوەکییەکان کە خزمەتی بەرژەوەندی گشتی ناکەن"، جەختیشی کردەوە کە "ئەم قۆناغە پێویستی بە تەبایی و یەکگرتوویی زیاتر هەیە، نەک پەرتەوازەیی و دابەشبوون".

لەو راگەیندراوەکدا ئاماژە بەوەش کردووە: "دۆزینەوەی دەرچەیەک بۆ هەناردەکردنی نەوتی عێراق کارێکی گرنگە و بەرژەوەندی باڵای وڵات دەپێکێت"، داواشی لە حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد کە "هاوکاری تەواو بکەن لەپێناو دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی خاو بۆ دەرەوەی عێراق، و کارکردنی هاوبەش بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشە و پرسە هەڵپەسێردراوەکان بە شێوەیەک کە لەگەڵ بڕگەکانی دەستوور و یاسادا بگونجێت و بەرژەوەندی باڵای وڵات بەدیبهێنێت و خزمەتی هەموو ڕۆڵەکانی گەلی عێراق بکات".

هەروەها ئەوەیش هاتووە کە: "بەدواداچوونمان بۆ ئەو نیشانە ئەرێنییانە کردووە کە لەلایەن حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لەم چوارچێوەیەدا دەرچوون، و هیوادارین ئەم هەنگاوانە بەهێزتر بکرێن بە جۆرێک کە یارمەتیدەر بێت لە چارەسەرکردنی ئەم دۆسیە زیندووە و بەهێزکردنی سەقامگیری ئابووری و خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتیان لە سەرانسەری وڵاتدا".

بەپێی ڕاگەیندراوەکە، سەرۆکایەتی کۆمار داوای لە ئەنجومەنی نوێنەران کردووە کە "بە ڕۆحیەتی بەرپرسیارێتی نیشتمانییەوە مامەڵە بکات، و بەرژەوەندی نیشتمان بخاتە سەروو هەر پێوەرێکی ترەوە، و کار بکات بۆ دوورکەوتنەوە لە ناکۆکییەکان، چونکە بەرژەوەندی عێراق دەبێت لە سەروو هەموو شتێکەوە بێت".

لەڕاگەیندراوێکدا جەختی کردەوە کە "جەوهەری سیستەمی فیدراڵی لەسەر بنەمای یەکگرتوویی و هاوکاری نێوان هەموو دەسەڵاتەکان و پێکهاتەکانە، ئەمەش داوا لە هەمووان دەکات کە خاوەن ڕۆحیەتی بەرپرسیارێتی بن و کار بکەن بەرەو بەهێزکردنی لێکتێگەیشتن و یەکڕیزی نیشتمانی و دوورکەوتنەوە لە پەرەسەندن و ناکۆکییەکان"، لە کۆتاییدا هیوای خواست "گەلەکەمان لە هەر ناخۆشییەک پارێزراو بێت و هەموومان سەرکەوتوو بین بۆ ژیان لەناو ئاشتی، گەشەپێدان و یەکڕیزییەکی نیشتمانی پتەودا".